

# ئافرەتانی ماڵەوە داوای تێكەڵكردنیان بە ناوەندەكانی كار دەكەن

گوڵان: كۆمەڵایەتی

هەموو مرۆڤایەتی بەرهەمی كار و ماندووبوونی خۆی دەماشێتەوە و خەریكە دەیەی دووەمی سەدەی بیست و یەك تێپەڕ دەكەن و یەكسانیی رەگەزی لە زۆربەی وڵاتاندا جێی بایەخە، بەڵام لە سەرلەبەری وڵاتانی پێشكەوتووشدا شتێك بە ناوی مووچەی بەلاش بۆ هیچ رەگەزێك دیاری نەكراوە، كەچی بڕینەوەی مووچە بۆ ئافرەتی ماڵەوە، لەكاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەكان دروشمی زۆربەی كاندیدەكانی هەردوو پەرلەمانی كوردستان و عێراق بوو. بۆچی دەبێ چەمكی ئافرەتی ماڵەوە بوونی هەبێت؟ بۆچی لە بری بڕینەوەی مووچە بۆ كابانی ماڵ، هەوڵ نادرێ لە چوارچێوەی ماڵ دەربهێندرێن و تێكەڵ بە ناوەندەكانی كاركردن بكرێن؟ ئایا ئافرەتانی ماڵەوە خوازیارن مووچەی خۆڕاییان بدرێتێ و وەك خێرپێكردن هەژمار بكرێت؟ بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان وەڵامی ئەو پرسیارانە دەدەنەوە.



کابانێك:

**ئێمە وەک ئافرەتی ماڵەوە بەردەوام لە چوار دیواری ناوماڵ زیندانی کراوین و حەسوودی بەو ژنانە دەبەین کە خاوەن کار و داهاتی خۆیانن**

ڕێزان سابیر:

**ئافرەت نابێت ساقەسەر بژی، نە ساقەسەری کەسوکاری، نە ساقەسەری حکومەت، لە بری ئەوە دەکرێ هەوڵی لێپرسینەوە لەگەڵ ستەمکار و ڕێزشکێنەری ئافرەت و لەکارخەری تواناکانی بدرێت**

پەرلەمانتار حەیات مەجید:

**پێدانی مووچە بە ئافرەتی ماڵ ڕێگە بۆ پیاو خۆش دەکات، تاوەکو ڕێگەی کارکردن و چوونە دەرەوە لە هاوسەرکەی بگرێت**

هاوژین عومەر:

**دەکرێ حکومەت لە کەرتی گشتیدا پلەی وەزیفی زیاتر بۆ ژنان تەرخان بکات، لە کەرتی تایبەتیشدا دەتوانێ بەهۆی هاندانی بزنسمان و کۆمپانیاکانەوە فەزایەکی فراوانی کارکردنیان بۆ بڕەخسێنێ**

### ئافرەت نابێت ساقەسەر بژی

«ئەگەر دەڵێین ئافرەت نیوەی کۆمەڵە و ئافرەت و پیاو یەکسانن، دەبێت ئەوە تەنیا دروشم نەبێت و ببێتە واقع، دەبێت ئافرەتیش وەك پیاو هەلی کارکردنی بۆ بڕەخسێ و لە خوێندن و ئیش و کار و لە دام و دەزگا حکوومی و ناحکوومییەکاندا بوونی هەبێت، نەك بە ساقەسەری ئەم و ئەو بژی». ئەوە قسەی ڕێزان سابیر بوو. ئەو فەرمانبەرە لە سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین و نیگەرانی خۆی لەوە دەردەبڕێت کە «زۆربەی پیاوانی کۆمەڵگەی ئێمە ڕێگرن لە بەردەم کارکردنی خوشك و هاوسەر و کچی خۆیان، هەمیشە ژن بە ئامرازێك بۆ منداڵ خستنەوە و نانکردن و چێشتلێنان و جل شووشتن دەزانن، پیاو دەیەوێ وەکو ئاغا ئەمر بکات و ژنەکەشی کارەکەر و خزمەتکاری ماڵ و میوان و منداڵ بێت». گوتیشی: «ئافرەت مرۆڤە و خاوەن ماف و ئەرکە، بێگومان ئەم ئەرك و مافانە بەستراونەتەوە بە سروشتی دروستبوونیەوە، ئەمەش مانای ئەوە ناگەیەنێ کە ئافرەت خاوەن توانا و لێهاتوویی نییە، بە پێچەوانەوە ئافرەت توانا و لێهاتوویی لە زۆر بواری ژیاندا هەیە کە پیاو نییەتی». سەبارەت بە بڕینەوەی مووچەش بۆ کابانی ماڵ گوتی: «من پێموایە ئافرەت نابێت ساقەسەر بژی، نە ساقەسەری کەسوکاری نە ساقەسەری حکومەت، لە بری ئەوە دەکرێ هەوڵی لێپرسینەوە لەگەڵ ستەمکار و ڕێزشکێنەری ئافرەت و لەکارخەری تواناکانی بدرێت، ئافرەت دەتوانێ بە توانا و دەستڕەنگینی خۆی ببێتە خاوەن داهاتی سەربەخۆ، نەك خێری پێ بکەن، بەگشتی تائێستا پرۆژەیەکی ڕوون و ئاشکرا نییە سەبارەت بە ڕابوونی ئافرەت و پێگەیاندن و دەرهێنانی لە ماڵ، ئەوەش پێویستی بە تێکۆشانێکی سەختی هەمە لایەن هەیە».

### ئافرەت لە ماڵەوە بەهرەکانی دەمرێ

پەرلەمانتار حەیات مەجید بڕیاردەری لیژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی ئافرەت لە پەرلەمانی کوردستان، ئاماژە بەوە دەکات کە بڕینەوەی مووچە بۆ کابانی ماڵ، پڕۆژەیەکی فراکسیۆنی گۆڕان بوو لە خولی ڕابردووش قسەی زۆریان لەسەر ئەو بابەتە کرد. ئەو پەرلەمانتارە ڕایوایە ئەو دروشمە (بڕینەوەی مووچە بۆ کابانی ماڵ) وەك کەرەستەیەك لە کاتی هەڵبژاردنەکان بەکار هاتووە، ژمارەیەکی زۆر ئافرەتی ماڵەوەش بەو پڕۆژەیە دڵخۆش بوون. گوتیشی: «من شەخسی خۆم و وەکو بڕیاردەری لیژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی ئافرەتیش لەگەڵ ئەو پڕۆژەیە نیم و پێم باشە ئافرەت بە کاربخرێت و بهێندرێتە دەرەوەی ماڵ، نەك لە ماڵەوە زیندانی بکرێت و بەهرەکانی بمرن، چونکە سەدان ئافرەتی دەستڕەنگین و خاوەن بەهرەمان بۆ نموونە لە ڕستن و چنین و دروومان و کاری دەستی هەیە، تەنانەت چەندین شوێن بۆ کردنی نان کراوەتەوە، لەم حاڵەتانەدا ئافرەتانی نەخوێندەوار و بێ بڕوانامەش دەتوانن لەو کارانە سوودمەند دەبن، لە کاتێکدا ئەو بڕە پارەیەی کە بڕیارە بۆ کابانی ماڵ وەکو مووچە ببڕێتەوە، پارەیەکی زۆر ڕەمزی و زۆر کەمە کە لەگەڵ پێداویستییەکانی ئەمڕۆی ئافرەتان بە هیچ شێوەیەك ناگونجێ، باشترین شت ئەوەیە کە هەلی کار بۆ ئافرەت فەراهەم بکرێت، بۆ ئەوەی هەم ئابوورییەکی سەربەخۆی هەبێت و هەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بە تێکەڵ بوونی بە جیهانی کار بەهێز بێت، لەئێستاشدا ئەو پڕۆژەیە لە پەرلەمان قسەی لەسەر دەکرێ، بەڵام بەهۆی ئەو بارە ئابوورییەی کە کوردستانی گرتۆتەوە، پڕۆژەکانی پەیوەست بە پارە ڕاگیراون، بەڵام دڵنیام دەخرێتە بواری گفتوگۆکردن».

ژیان عومەر چالاکی بواری مافەکانی ئافرەتە و پەرلەمانتاری خولی پێشووی پەرلەمان بووە، ئەویش ئاماژە بەوە دەکات کە لە خولی پێشووی پەرلەمان، پڕۆژەیەکی لەم شێوەیە هەبوو، بەڵام لەسەر جێبەجێکردنی کۆك نەبوون، سەبارەت بە هۆکارەکەشی گوتی: «هەمووومان دەزانین پیاوی ئێمە چۆن بیردەکاتەوە، پێدانی مووچە بە ئافرەتی ماڵ ڕێگە بۆ پیاو خۆش دەکات، تاوەکو ڕێگەی کارکردن و چوونە دەرەوە لە هاوسەرکەی بگرێت، کاتێك بزانێت هاوسەرەکەی ئەگەر لەماڵەوەش دابنیشێت، مووچەکەی مسۆگەر دەبێت، دەڵێ: ژنەکە لەماڵەوە دابنیشە و منداڵەکانت خزمەت بکە، چونکە مووچەکەت مسۆگەرە، هەروەها پیاوی ئێمە حەز دەکات لەماڵەوە چێشتی گەرم و نەرمی هەبێت، حەز ناکات هاوسەرەکەی لە دەرەوە کار بکات، لە ڕوویەکی دیکەوە پێدانی مووچەی خۆڕایی وادەکات ئافرەت تەمبەڵ بێت و لەکۆمەڵگە و لە کەشی دەرەوەی ماڵ دوور بکەوێتەوە، تەنانەت وادەکات حکومەت بەچاوی بەزەیی سەیری ئافرەت بکات، ئێمە نامانەوێ حکومەت ئەو هەستەی هەبێت، چونکە ئافرەت زۆر لەوە بەتواناترە، ئافرەت وەزیرە، بەڕێوەبەری گشتییە، پەرلەمانتار و ڕۆژنامەنووسە، بەڵام بە بڕینەوەی مووچە بۆ کابانی ماڵ ئافرەت لە ژێر ڕەحمەتی باوك و برا و مێرد دەردەهێندرێت و دەخرێتە ژێر ڕەحمەتی حکومەت، ئەو هۆکارنە وایانکرد ڕێگە لەم پڕۆژەیە بگرین و نەخرێتە بواری جێبەجێ کردنەوە».

میدیاکار و توێژەری کۆمەڵایەتی هێمن ساڵح، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «کارکردنی ئافرەت یەکێکە لەو هۆکارە گرنگانەی کە ئافرەت سەربەخۆ دەکات، ئەوەش دەبێتە ئامرازێك بۆ گەیشتن بە مافەکانی، پێشتر ڕوانینی پیاو بەرامبەر بە کارکردنی ئافرەت لە کۆمەڵگەی ئێمە ڕوانینێکی خراپ بوو، چونکە پێیانوابوو سەربەخۆبوونی ئابووریی ئافرەت وادەکات لە پیاو هەڵگەڕێتەوە، بەڵام ئێستا جێگەی دڵخۆشییە کە پیاوان ڕوانینیان لە بەرامبەر بەوە باشتر بووە و دەرفەتی کارو چوونە دەرەوەی ئافرەت لە ماڵان بە باش دەزانن، ئەوەش پەیوەندی بە کرانەوەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی خۆمان بە ڕووی پێشکەوتنەکانی جیهان و کۆمەڵگەکانی دیکەوە هەیە، لەلایەکی دیکەش دابینکردنی داهات و ئابووریی خێزانی لەم سەردەمە سەخت بووە، زیادبوونی کەرەستەکانی ژیان و پێداویستیەکانیش وای کردووە پیاوان بە تەنها دەرەقەتی نەیەن، بۆیەش دەرفەتی کارکردن بە ژنان دەدەن و بە شتێکی ئاسایی و باشی دەبینن».

**حکومەت بە پێدانی قەرز دەتوانێت کارئاسانییان بۆ بکات**

ئەو کۆمەڵناسە جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئافرەت هەرچەندە لە ڕووی ئابوورییەوە سەربەخۆ بێت، هێندەش گەیشتن بە مافەکانی و نەچەوساندنەوەی لەلایەن پیاوانەوە باشترو زیاتر دەبێت، چونکە زۆربەی ئەو پیاوانەی کە ئافرەتەکانیان لەماڵەوەن، وای دەبینن کە تەنها ئەوان ماندوون و ئافرەتەکانیان لەسەر سکی تێر دانیشتوون، جگە لەوەش وای دەبینن کە ئافرەتەکان ئەگەر ئەوان نەبن، هیچ پەناگەیەکیان نابێت و لە برسا دەمرن، بەڵام هاتنە دەرەوەی ئافرەت لە چوارچێوەی ماڵ کۆتایی بەو بۆچوونە دەهێنێت و پیاوان ئەوە لێکدەدەنەوە کە ئەوانیش نەبن ئافرەتەکان

دەژین و کێشـــەیان نابێت، ئەوەش هێندەی دیکە پیاوان ناچار بە پێدانی ماف و ڕێزگرتنیان دەکات».

هێمن بڕینەوەی مووچە بۆ کابانی ماڵ ڕەت دەکاتەوە و هاوکات دەڵێت: «بڕینەوەی مووچە بۆ کابانی ماڵ بە پارەیەکی ڕەمزی تەنیا کەسایەتی ئافرەت دەشکێنێت و لە بری ئەوە پێویستە تێکەڵ بە ناوەندەکانی کار بکرێن، هەروەها دەکرێ حکومەت بە پەروەردە و ڕاهێنان و فێرکاری لە پیشەیەك ئافرەتان بکاتە خاوەن ئەزموون و دواتــر بە پێدانـــی قەرزی بچووك و گەورە کارئاسـانییان بۆ بکات، کە تەنانەت ئافرەت خۆی خاوەن پڕۆژە و داهاتی باشـتر و ئابوورییەکی سەربەخۆ بێت»،

## دەوڵەت و کۆمەڵگە و میدیا و کۆمەڵگەی مەدەنی دەبێت کاری جددی بۆ بکەن

هاوژیـــن عومـــەر ڕۆژنامەنـــووس بەمجۆرە باس لە پرســەکە دەکات و دەڵێـت: «ڕەخســاندنی هەلی کار و پشــکداریکردنی ژنـــان لە کایـــە جیاجیاکانـــی کۆمەڵگە بنەمای ســەرەکی و مەبدەئی یەکســانییە، کۆمەڵگەی پێشکەوتوو و پێگەیشتوو ئەو کۆمەڵگەیە کە یەکســانی ڕەگەزیی تێــدا بەرقەرارە، یەکێك لە پێوانەکانی کۆمەڵگەی تەندروســت لەلایەن کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ڕادەی بەشداریکردنی ژنانە لە کایەکانی ژیاندا.» گوتیشی: «بێگومان کە باس لە بەشداریکردن دەکەین، مەبەستمان پشکداری ڕاستەقینە و ڕاستگۆیانەیە، نەك بەشداریی ســەر پێی و ڕواڵەتییانە، کە بەداخەوە بەشێکی زۆر لە دەسەڵاتە سیاســییەکانی ڕۆژهەڵات ئەم پرسەیان وەك ڕواڵەت وەرگرتووە و ئافرەتان وەك دیکۆر و جوانکردنی دەســەڵات لە کایە ئیداری و سیاسییەکان بەکاردێنن».

هاوژین هێما بۆ ئەوە دەکات کە فراوانکردنی زەمینەی کارکردنی ئافرەتان، لە کاری بازرگانی، سیاســی، کۆمەڵایەتی، ئیداری، ڕێکخراوەیی و...تــاد، دوو لایەن لەخۆدەگرێــت، «یەکەمیان: تەشریعاتە دەستووری و یاساییەکانە، دووەمیان: بایەخی دەوڵەت و کارئاســانیکردنیەتی بــۆ ڕاکێشــانی زۆرترین ژمارەی ژنان بۆ بازاڕی کار و ئیدارە و سیاســەت. لەڕووی کۆمەڵایەتیشــەوە ئەرکی دەوڵــەت و کۆمەڵگەی مەدەنـــی و میدیایـــە کار لەســـەر گۆڕینی نەزرەی دواکەوتـــووی کۆمەڵگە بکەن بەرامبـــەر کارکردنی ژنان، دەوڵەت بەهاماهەنگیکردن لەگەڵ میدیا و ڕێکخراوەکان دەتوانێ بەشـــێوەیەکی قۆناخدار کار بکاتە سەر ڕای گشتی بە ئامانجی گۆڕینی دیدو و ئاڕاســتەکانی کۆمەڵگە بەرامبەر ئەم بابەتە. حکومەت لە کەرتی گشتیدا دەکرێ پلەی وەزیفی زیاتر بۆ ژنان تەرخان بکات، لە کەرتی تایبەتیشــدا دەتوانێ بەهۆی هاندانی بزنســمان و کۆمپانیاکانــەوە فەزایەکــی فراوانی کارکردنیان بۆ بڕەخســێنێ، بــۆ نموونە ڕێژەیەك بــۆ ژمــارەی کارکەرانی ئافــرەت لــە کۆمپانیــا و پــڕۆژە ئەهلییــەکان دیاری بــکات، گەر هەر کۆمپانیــا و پرۆژەیەك توانی ئــەو ڕێژەیەی ئافرەت لەلای خۆی بەکاربخات، حکومەت لە بەشــێك لــە باجەکانی خۆش بێت. بەکورتی فراوانکردنــی پانتایــی کارکردنی ئافرەتان پرۆسەیەکی تێکهەڵکێش و قۆناخدارە، دەبێ دەوڵەت و کۆمەڵگە و میدیا و کۆمەڵگەی مەدەنی بەیەکەوە شــانی بدەنە بــەر و کاری جددی و بەردەوامی بۆ بکەن.

شــەهلا عەلی کابانی ماڵــە و ئەویش باسی ئەوە دەکات کە کە توانای ئافرەت لەوە زیاتــرە کە تەنیــا کابانی ماڵ و بەخێوکەری منداڵ و چێشتلێنەر بێ، بگرە دەتوانێت بــە هیممەتی خۆی خێزانێك ئیدارە بکات. گوتیشــی: هەموو پیاوە گــەورەکان دایك و هاوســەریان هەیە، هەر ژنیشــە پشــتیوانیانە، بــەڵام ئێمە وەك کابــان و ئافرەتی ماڵەوە ئەوەندە سەرگەرمی کاری ماڵەوە کراوین و لە نــاو چوار دیــواری ماڵ تووشی خەمۆکی بووین، دەرفەتمان نییە بیر لە شــتی دیکە بکەینەوە، حەسوودی بەو ژنانە دەبەین کە خاوەن ئۆتۆمبێل و کار و داهاتی خۆیانن.



# پشتگوێخستنی پشکنینی پزیشکی پێش هاوسەرگیری قوربانی لێدەکەوێتەوە



ئافرەتێك لە شەوی یەکەمی گواستنەوەیدا، لەلایەن هاوسەرەکەیەوە بە بیانووی «نەمانی کچێنی»، سووکایەتی پێدەکرێ و دوای ئەشکەنجەیەکی زۆر پەلکێشی ماڵی باوکی دەکرێتەوە، بەڵام دواتر دەردەکەوێت، کە ئەو ئافرەتە تووشی هیچ هەڵە و لادانێکی ئەخلاقی نەبووە و وەك خوشکەکانی باسیدەکەن، تەنیا ڕەنگی کچێنییەکەی کاڵ بووە، هەر ئەوەش وادەکات ببێتە قوربانیی کەمتەرخەمی و نەزانیی هاوسەرەکەی و دواتر خۆی باری دەروونی بە تەواوی تێکدەچێت، هەر بە هۆی ئەو ناوزڕاندنەشەوە دوو خوشکی تەمەنی هاوسەرگیرییان تێدەپەڕێت. یەکێك لە خوشکەکانی ئەو بەسەرهاتە بۆ گوڵان دەگێڕێتەوە.

بە چلەی هاوین و زستان، لە سەرما و گەرما، (ئەوەندەی نەنووستبێت)، لە بەردەم بەلوعەیەکی ئاو لە حەوشەی ماڵی باوکی دادەنیشێت، پەیتا پەیتا دەموچاوی دەشوا، کاتێکیش ماندوو دەبێت، دڵۆپ دڵۆپ ئاوەکە بەردەداتەوە و گوێ لە دەنگی چکانی ئاوەکە دەگرێ.

ئەوە دیمەنی رووناکی بێوەژنە کە تەنیا یەك شەو لە ماڵی هاوسەرەکەی بووە، رێزان خوشکی بچووکیەتی و تەمەنی لە ٤٥ ساڵ تێپەڕیوە. ئەو پێش ئەوەی بەسەرهاتی خۆیان بگێڕێتەوە، نەفرەت و بێزاری خۆی بەرامبەر بە زاواکەی رابردوویان دەردەبڕێت و دەڵێت: «زاواکەمان غەدری گەورەی لە خوشکم کرد و حەیای خێزانەکەمانی برد، بۆیە خوا تۆڵەی لێکردەوە و بۆ چەندین ساڵ زەلیلی سەر جێگەی کرد و بە ئازارێکی زۆرەوە مرد».

وەك رێزان باسیکرد، باوکیان پیاوێکی نابینا بووە و لەگەڵ خێزانەکەشی «زۆر میهرەبان و دڵسۆز» بووە، ئەو لە بارەی باوکیەوە زیاتر دەڵێت: «باوکم پیاوێکی لە خواترس و موسڵمانێکی باش بوو، پیاوێکی نابینا بوو، بەڵام بەردەوام قورئانی دەخوێند و دەنگیشی زۆر خۆش بوو، هەموو تەمەنی لە مزگەوت و لە سەر قەبران و ناو گۆڕستان بردە سەر».

ئەوەی کارەساتی گەورەی بۆ ئەو خێزانە دروستکردووە، هاوسەرگیریی رووناك بووە، رێزان بەمجۆرە باسی ئەو بیرەوەرییە دڵتەزێنەی خۆیان دەکات: «ئێمە چوار خوشك بووین و برامان نەبوو، خوشکی گەورەمان رووناك تەمەنی ١٥ ساڵ نەبوو، بەردەوام خوازبێنی دەهات، خزمان زۆریان داوایان کرد و باوکم هەر دەیگوت: جارێ منداڵە، ئەخیری کوڕێکی بێگانە هاتە خوازبێنی و ئەو کات خوشکم تەمەنی ١٦ ساڵ دەبوو، باوکیشم پرسی بە خوشکم کرد و دوای ئەوەی زانی بە کوڕە رازییە، ئامادە بوو بە مێردی بدات، بەڵام شەوی گواستنەوەکەی، بە نیوەشەو زاواکەمان خوشکمی هێنایەوە بۆ ماڵەوە، دەم و لووتی خوشکم بە خوێن بوو، دیار بوو زۆری ئازار دابوو، خوشکیشم هەر دەگریا و دەپاڕاوە و دەیگوت: لە خوا بترسە، بوختانم بۆ مەکە، من ئەگەر کێشەم هەبایە چۆن مێردم دەکرد؟ با سەردانی دکتۆر بکەین، خۆ هەموو شت روون دەبێتەوە، زاواکەشمان هەر دەیگوت: بە عانەیەك تۆم ناوێ، رووی لە باوکم کرد و گوتی: کچت هەردووکمانی شەرمەزار کردووە و تەنیا بۆ کوشتن باشە. باوکم زۆر توڕە بوو، بەڵام ئەو کەسێکی هێمن و لەسەر خۆ بوو، دەست و دەنگی دەلەرزی و تەنیا وتی: کوڕم ماڵی خراپ بۆ خاوەنەکەی باشە، بەڵام لە خوا بترسە و بیر لە کوشتن مەکەوە، بوختان باش نییە، من کیژی خۆم بە سەربەرزی گەورە کردووە، تەنانەت نەچووەتە مەکتەب، یەك بازاڕی بە بێ دایکی نەکردووە، لە ناو گەڕەك بە مانگ دراوسێش نەیانبینیوە، گەر هەر سووری لەوەی کچمان خراپە، ئەوە تۆ بە رێی خۆت و ئێمەش بە رێی خۆمان». دوای دەمەقاڵێی زۆر زاوای نازاوا چووە دەرەوە و خوشکیشمی هەر لە ماڵی خۆیان لە زێر و زیو داماڵیبوو، دواتر باوکم تەنانەت خەرجی زەماوەندەکەشیانی داوە، لەو رۆژەوە خوشکم بە تەواوی تێکچوو، هەتا ئێستاش ئەوە ٥٦ ساڵی تەمەنە بە چلەی هاوین و زستان، لە بەردەم بەلۆعەی ئاوەکەیە لە حەوشە و هەر دەموچاوی دەشوا، کاتێکیش ماندوو دەبێت، ئاوەکە قەترە قەترە بەردەداتەوە و گوێ لە دەنگی دەگرێ، خەویشی زۆر کەمە، دەیان دکتۆریشمان بردووە، هیچ سوودی نەبووە».

رێزان لە درێژەی قسەکانیدا جەختی لەوە کردەوە کە جیابوونەوەی خوشکی لە هاوسەرەکەی، کاریگەری زۆری لەسەر باوکی داناوە و هەر لەو بارەیەوە گوتی: «باوکم بە تەواوی گۆشەگیر ببوو، ئەوەندەی خەم خوارد، هەتا شەوێك جەڵدەی دڵ لێی دا و فریای نەخۆشخانە نەکەوتین و کۆچی دوایی کرد». گوتیشی: «بە بێتاوان خۆم و دوو خوشکم و باوکیشم بووینە قوربانی دەستی زاوایەکی نەفام و هەموو ژیانمانی شێواند»، لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە دوای کۆچی باوکی باری گوزەرانیان چۆن بووە و چ داهاتێکیان هەبووە، گوتی: «مووچەی خانەنشینی باوکم وەردەگرین و دایکیشم دووکانێکی گچکەی هەیە و من و خوشکێکیشم کاری دروومان دەکەین، بەوانە دەژین و موحتاجی خوا نەبێت، موحتاجی کەس نین». ئەوەشی خستەڕوو کە لە دوای ئەو رووداوەی رووناکی خوشکی، خزم و کەسیش لێیان نەپرسیون و پەراوێزیان خستوون، گوتیشی: «من و خوشکێکی دیکەم هەر کچی ماڵەوەین و تەنیا خوشکە بچووکەکەمان مێردی کردووە، ئەویش مێردی بە پیاوێکی پەککەوتە کردووە، بەڵام لە ژیانی خۆی رازییە و سێ منداڵیان هەیە، ئێمەش جاروبار یارمەتییان دەدەین و ئەوەی لە دەستمان بێت، درێغی ناکەین، پیاوەکەشی کاسبە و بەشی خۆیان پەیدا دەکات».

زۆر جار پزیشکان سەبارەت بە کچێنی کچان و جۆرەکانی رێنمایی وردیان داوە، تەنانەت جەختیشیان لەوە کردووەتەوە کە هەندێك لە کچان لە شەوی یەکەمی هاوسەرییان، لەوانەیە خوێنیان نەبێت.

ئالان لەشکری توێژەری کۆمەڵایەتییە و لە ئاخافتنێکیدا بۆ گوڵان باسی ئەوەی کرد کە «بە هۆی رەچاو نەکردنی رێنماییە پزیشکییەکان، چەندین ئافرەت هەبوون کە مێردیان کردووە و بە بێ هیچ سووچێك تووشی دەیان کێشە کراون، ئافرەت هەبووە دوای چەندین ساڵ هەر بە کچێتی ماوەتەوە، واتە هاوسەرەکەی کێشەی هەبووە و بەردەوام بۆی داپۆشیوە»، گوتیشی: «پزیشکان و توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە کوردستان جەخت لەوە دەکەنەوە کە بە هۆی ئەو نەریتانەی لە کۆمەڵگەی کوردیدا چەسپاون، پێویستە کوڕان و کچان پێش هاوسەرگیری هەموو پشکنینێکی پزیشکی ئەنجام بدەن، بۆ ئەوەی هیچ کێشە و گرفتێکیان بۆ دروست نەبێت و بە دڵنیاییەوە ژیانی هاوبەشیان دەست پێبکەن».

ئافرەتێك:

**بە بێتاوان خۆم و دوو خوشکم و باوکیشم بووینە قوربانی دەستی زاوایەکی نەفام و هەموو ژیانمانی شێواند**

کۆمەڵناسێك:

**پێویستە کوڕان و کچان پێش هاوسەرگیری هەموو پشکنینێکی پزیشکی ئەنجام بدەن، بۆ ئەوەی هیچ کێشە و گرفتێکیان بۆ دروست نەبێت**